ڕامانەک لە سەر فەرهەنگی کوردی – فەرانسەیی







# ئەمەگ ، سپاس ، پێزانین
# ژ
# میر کامەران بەدرخان رە

# دادم ، دادتان





دوکتور کامەران عالی بەدرخان

داهێنان و و دەسکەوت و بەهرە و بەرهەمی وێژەیی و زانستیی و هونەریی تاک و دەزگهان بە ئاڤایەکی خورت و رند هاتیە پاراستن ژ ڕیگای یاسایی یەوە . لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەفتی ، یاسای تایبەتی لە مەڕ ئەم مژارە کارا و کاریگەرە . دزی وێژەیی و داهێنانی تاک و دەزگاکان و تەنانەت بیرۆکەی ئەوان کە وەک دەستەواژە و واتا ناسراوە بە (plagier, franceî ; plagiarize, înglîzî ; plagiieren, almanî) فرمانێکی قرێژە و وەک تاوان تێتە ناس کرن و سزای خویچی هەس.

دە ماوەی چەند ڕۆژی بوهووورى دە مەردم کورد لەوە ئاگاهدار کرانەتەوە کو فەرهەنگی کوردی- فەرانسەیی نوو کەتیە بازارەوە (لە مانگی مەی ٢٠١٧) و سامانی فەرهەنگی کورد وەپی دەولەمەند کریاگە . ژ هەنەک بۆنە و بوویەر و سەردان و بەسەرکردنەوە دا ژی ئەو بەرهەمە هاتیە ناساندن و پێشکەش کرن . فرەیەک جە مەردم کوردستان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە لەوە ئاگادار نینە کە ئەو فەرهەنگە ، بەر و بەرهەمی میر کامەران بەدرخانە کە لۆ ماوەی ٣٩ ساڵە وەک ئەمانەت لە کن کەندال نەزان و ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس دانریاگە . کە سەیری بەرگی فەرهەنگەکە دەکەیت هیچ نیشانێک لە ناوی خاوەن بەرهەمەکە دیار نیە و لە بریتی ئەوە ناوی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس و کەندال نەزان وەک سەرپەرەشتیکاری بەرهەمەکە تێتە خویا بوون . لە بەشی ناوەوەش ناوی کەندال نەزانی سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس و هەر وەها ژۆزەفا بێرتۆلینۆ ( یَک ژ خوێندکارانی میر کامەران ، گۆر زانیاری میر سینەمخان بەدرخان ، کچی جەلادەت بەدرخان و برازای میر کامەران ) وەگەرد ناوی کامەران بەدرخان ڕیز کریاگە . جە ڕواڵەتو فەرهەنگەکە وسا تێتە زانین کە ئەشی هەر سێ پێکڤە و بەهەڤ رە بەرهەمەکەیان ئافراندبێ و فەرهەنگەکەش ماڵی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریسە کە بێگومان ئەچێتە خانەی دزی وێژەیی یەوە و تاوانە و شیاوی سزای یاسایی یە .

بەڵگە ژ بۆ ڤێ یەکێ ژی کاردانەوەی تاکی کورد جە هەمبەر شێوازی خاپێنەر و چەواشەکارانەی بلاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و فێڵەبازانە یە کە تێکڕای ڕاستیەکان ئەشارێتەوە و دەرەیان ناخاتن .

مێرخاسەک دەنڤیسینە کو:

Pir bextewar, pir dewlemend, pir peyv û pir ferheng im.

Ferhenga Kurdî-Fransizî | 85.000 peyv

Spas Înstîtuya Kurdî Ya Parîsê, spas Kendal Nezan

وەکی دەبینرێ چ باسێک لە کامەران بەدرخان ، خودانێ بەرهەم نینە .

یَک دن فرە بە خۆش حاڵیەوە ئووشت :

Dr. Kendal Nezan serokê Enstîtuya Kurdî ya Parîsê îro mêvanê me bû û **Ferhenga xwe ya Kurdî-Firensî** diyarî me kir.

گاڤەک کو من ڤێ مێرخاس رە دا زانین کو ئەڤ فەرهەنگ هی میرکامەرانە ، ژ من رە وەرام دا کو :

Birayê hêja, ez ne dadwer im û tu agahîyên min li ser vê yekê tune ne, tenê ciwamêr serdana me kir. Ne kêm, ne zêde. Wekî din ew tiştên tu behs dikî rêya yasayê tê çareser kirin.

هەڤال و مێرخاسەک دن ژی دە هەمبەر وێ چەوتی و شاشەتی دە دەبێژێ :

Ez jî dengê xwe tevî dengê te dikim... Dayê Sînemxan jî zor zor aciz bûye.. Lê em çi bikin?!! gerek yekî wek Kendal li xwe dananîba û wilo nekiriba... Di baweriya min de kêmasî jêre ye.. Nizanim çi bêjim....!!

ژ گەنگەشەیا مژارێ شاشەتیا کەندال نەزان و دەزگەها وی ب مێرخاسەک دن رە ، جامێر وێنەیەک ژ وێ فەرهەنگێ مە رە شاند و گوت :

Te niha Kendal nas kir, ku 30 salan ser vê pirtukê kar kiriye?

پاشان کو من وی رە پرس کر کا ئەو فەرهەنگ هی کێ یە ، گوت کە:

Ew pirtûka jorê dibînî, Ferhenga Kurdî-fransî a Kamuran Bedirxanê mezin e, ku Kendal Nezanê mezin 30 salan bi hevalên wek xwe zane ra ew pirtûk amade kirîye û kirîye milkê gelê kurd. Kesên wek min û te nikarin wan kesên mezin rexne bikin.

پرسەکە با ئەم جامێرە تەڤ لەهەوی بووگە . پرسەکە ئەوە نیە کە فەرهەنگەکە هی کامەران بەدرخانە چونکی کەس نەکارێ نکوولی وەلێ بکاتن . گرفتەکە ها لەورە کە " لە کوێی جیهانا و گۆر کیژان یاسا و ڕێسای چاپەمەنی و ئاکادیمیایی ، ناوی کەسانێکە کاریان لە سەر بەرهەمێکی کۆن کردووە و ئامادەی چاپ و بڵاکردنەوەیان کردوە ، گەر وا بێت ، ئەخرێتە ڕیزی خاوەن بەرهەمەکە وەکی تە بێژی هەر سێ پێکڤە کارەکە و بەرهەمەکەیان ئافراندوە ، لە ساڵی ٢٠١٧ دا " (وەک لۆ ئاکادیمیای کوردم نووسی ) .

بێجگە لەو تاکە کەسانەی کە نەیان زانیوە ئانکو زانیویانە و بە مەبەست خۆیان لێ بواردووە ، کە ئەو فەرهەنگە هی کامەران بەدرخانە ، شیاوی ڕامان و بیر لێ کردنەوەیە کە ئاکادیمیای کوردی جە هەولێرێ لە ٢١/ ٥/ ٢٠١٧ دا کۆڕێکی بۆ نەزان چێ کر و بەم ناوەوە : " مەراسیمی ناساندنی کتێبی فەرهەنگی کوردی - فەڕەنسی لە ئەکادیمیای کوردی" بڵاوی کردەوە ، بە بێ ئەوەی ئاماژەیەک بە ناوەرۆکی " مەراسیمە" کەیان بکەن . جە بانگەشەی ئاکادیمیای کوردی ژ هەولێرێ دیسان هیچ ئاماژەیەک بە خاوەنی یەکەم و سەرەکی فەرهەنگەکە ، میر کامەران بەدرخان ، نەکرا . منیچ پرە تێبینیەکم لە سەر فەیسبووکەکەیان دانا و گلە و گازەندم لە ڕێکار و شێوازین وان لەم بوارەدا کرد . کاردانەوەیان ئەوە بوو کە تێبینیەکانی منیان سڕیەوە کە پێم وایە کە لە خۆی دا خۆ دزینەوەیە لە بەرپرسیارەتی ، بە لانی کەمەوە . لێگرە لۆ زانیاری پتر ئەو تێبینیانەم دیسان بڵاو ئەکەمەوە لۆ زانیاری و دادی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، نەمازە ئەوان کەسان کە دە خەمی وێژە و بێژە و پەیڤ و دیروکا کورد و کوردەوارین و وەکی ئەمەگ و پێزانینێکی پێشمەرگانە ئەڕای گیانی بەرزی میر کامەران بەدرخان و گشت میرخاس و لەهەنگێن مێژووی کورد و کوردستان :

" وادیارە کە ئێوە ژی لەم کورتە هەواڵە دا بوونەتە شەریکە تاوانی جەنابی کەندال نەزان و بەمەش ئەو بێ بەختیە مەزنەتان لە ئاکادیمیسینی هەرە بە توانا و بەناو و دەنگی کورد ، میر کامەران بەدرخان ، کردوە . ئێوەی بەڕێزی بەرێوەبەری ئەو شانۆ ناشیرینە دیارتان نەکرنە کا ئەو فەرهەنگە هی کێیە و لۆ ناوی خاوەنەکەی لە سەر بەرگی فەرهەنگەکەدا نەنووسراوە و دیار نیە . کە بەرگی فەرهەنگەکە هەڵ ئەدەیتەوە ئەوا ناوی خوێندکارێکی میر کامەران و جەنابی کەنداڵ ژی وەک نووسەری فەرهەنگەکە خراوەتە سەر ناوی کامەران بەدرخان . ئێوەی ئاکادیمیای کوردیچ خۆتان ماندوو نەکردوە و نەتان پرسیوە کە چۆن چۆناهی ناوی ئەوانە لە ریزی میر کامەران دا هاتووە . لۆ ئەوانەی کە میری کوردان و ئەو دوو کەسەش ئەشناسن خویایە کە ئەو دوو ناوە نەدەبا وەگەرد ناوی میر کامەران بە هەڤ رە هاتبا .

لە کوێی جیهانا و گۆر کیژان یاسا و ڕێسای چاپەمەنی و ئاکادیمیایی ، ناوی کەسانێکە کاریان لە سەر بەرهەمێکی کۆن کردووە و ئامادەی چاپ و بڵاکردنەوەیان کردوە ، ئەخرێتە ڕیزی خاوەن بەرهەمەکە وەکی تە بێژی هەر سێ پێکڤە کارەکە و بەرهەمەکەیان ئافراندوە ، لە ساڵی ۲۰۱۷ دا . گەر ئاکادیمیای کورد لەو ئاستەی ئێودا بێت ئیدی ئەبێ ڕۆژی کورد بەرەو کوێندەرێ باژوێ ، ئەزبەنی .

ما ئەوە ئەمەگ و پێزانینی ئێوەی ئاکادیمیای کوردی لەبۆ میری وێژە و بێژە و زانست و پەیڤ و خامەی کوردی ، میر کامەران بەدرخانی ئاکادیمیسێنە کە دەیان و بگرە سەدان ئاکادیمیسینی وەک ئێوە و مانان و لە ناویشیان دا جەنابی نەزان لە پاریس و فەرانسە پێ گەیاند و ئەو چەند ژ کوردان رە دەس خست ( بورسی خوێندنی کامەران بەدرخان ) کو ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لە زانکۆیەلی فەرانسە دا دابمەزرێنێ . لیستی ئەوان کەسان کە لە ڕێگای موسا ئەنتەر و سەرجەم گاورەکانی کوردستان بەرەو لای میر کامەران بەرێ ئەکران و خوێندنی باڵایان تواو ئەکرد ، قاسملوو ژی لە ناویان دە ، دەبا لە کن ئەنگۆ با و مەردم کوردتان وەلی ئاگاهدار بکردبا. کەچی ئەوەتا هۆن ژی ، هاوتەریب وەگەرد جەنابی نەزان ، تەنانەت لە هێنانی ناوی میر کامەران بەدرخان وەکی خاوەن و خودانی فەرهەنگەکە کە هەر خوا ئەزانێ کە بە تەنیا باڵی و سەرقاڵیی کاروباری سیاسی و دیپلۆماسی و کوردێنی چەندە (۳۰ ساڵ گۆر نەزان ) خۆی پێوە ماندوو کردبوو ، پاراستووە و نازانم چلۆن پاکانە ئەڕای ئەم فرمانە نایاسایی و بەدوور لە هەموو داب و نەریتی ئاکادیمیایی ، با ئیدی کوردی بوەستێ، ئەکەن . ئەرکی ئێوە دەبا ئەوە با کو بەر بە بڵاو بوونەوەی ئەو کارەی نەزان بگرن و ناچاری بکەن کە هەڵە و پەڵەی بەمەبەستی و کەمایەسی یەکانی ڕاست بکاتەوە ئینجا لۆی لە دەهۆڵ و زوڕنا بدەن و بانگەشەی لۆ بکەن .

ئەو بەرهەمەی میر کامەران ئەمانەتێک بوو کو میر سینەمخان لەل سەرجەم نووسراوە و سامانی نوسین و بیرەوەی یەکانی میر ، لای نەزان و ئەنیستیتۆکەی لە پاریس داینابوو ژ بەر هۆی نالەباری کوردان و نەبوونی بواری پاراستنیان لە کوردستان . نەزان خەیانەتی بەو

**ئەمانەتە کردوە و ئەو پەڕی دەس پیسی و بێ ئەمەگی دە هەمبەر میر کامەران و ماڵباتا بەدرخانیان سەلماندووە و ئەنگۆش لۆی ئەسەلمێنن . من ئەم کارەی هەوە وەکی کارەساتێک ئەنرخێنم کە تەواوکەری کارەساتی کوێر کردنەوەی فێرگەی بەهیز و هێژا و هێژ کاریگەری ڕەوشەنبیریی پێشکەفتنخوازانە و شۆرشگێرانەی بەدرخانیانە کە دوژمنانی کورد بە گشتی و ئەمازە دە ڕۆژئاڤای کوردستان بەڕێوەی دەبەن " .**

خالەک دن ئا فرە باڵکێش ئەوەسە کە کەندال بەو کارەی نەک هەر ناوی کامەران بەدرخانی کوێر کردگەسەوە، لێ ناوەرۆک و باری مێژوویی فەرهەنگەکەی میری فەوتاندوە بەوەی کە ئەو فەرهەنگەی کە بە ناوی سێ کەسەوە بڵاوی کردگەسەوە ئیدی فەرهەنگەکەی میر کامەران نیە . کەندال جە بەرنامەیەکی تایبەتی تەلەڤیزیۆنەکەی خۆی ،کورد ١ ( دواتر ئەو تەلەڤیزیۆنە بە فیتوی ئاشتی ترکان داخرا و ئاشبەتاڵیان لێ کرد ) کە تایبەت بوو بە کامەران بەدرخان بە ئیمە و مەحموود لەوەندی ، بەڕێوەبەری بەرنامەکە ، ڕاگەیاند کە فەرهەنگەکەی میر دەوری ١٢ هەزار وشە لە خۆ ئەگرێت و جەنابیان لەو کاتە دا گەیاندوویەتیە دەوری ٦٠ هەزار وشە . ئەوە ئیستاش دوا بەرهەمەکەیان ٨٥ هەزار وشە لە خۆ ئەگرێتن . ئەڤ چەند ژی بە وی واتا تێت کە ٧٣ هەزار وشەی فەرهەنگەکە فڕی بە سەر کامەران بەدرخانەوە نیە . لەمەیچ فرە تەرتەر ئەوەسە کە نازانری کا چ دەس تێوەردانێکی دیکەیان لە واتا و ناوەرۆکی فەرهەنگەکەی کامەران بەدرخان کردووە . لکاندنی پاشگری سزی تورکی ( فەرانسزی ) بە ناوی فەرهنگەکەی کامەران بەدرخان شتێکی دانسقیە و نازانری کە ئەرێ ئەمە کاری نەزانە ئانکو نا .

ئەو کات لەوەندی لە نەزانی پرسی کە ئەرێ ئەو فەرهەنگە بە چ ناوێکەوە بڵاو ئەکەنەوە ، کامەران بەردرخان ! یان ئەنیستیتۆی کوردا! ئانکو نەزان! یان ژی بێرتۆلینۆ! ) . وەرامی نەزانیش ئەوە بوو کە کارەکە کاری هاوبەشە و بە ناوی هەمووانەوە بڵاو ئەبێتەوە . نەزان لەو هەڤپەیڤینەدا ناوی کەسێکی دیکەشی هێنا کە دەبا ئەویچ ببوایەتە شەریکە بەش لە وشانی فەرهەنگەکەدا کە دەبوایە لە ساڵی ٢٠١١ جێ بە جێ بکرابا ،گۆر پێشبینی کەندال نەزان . بەڵام وادیارە دەور و کاریگەری ئەو کەسی چوارەمە لە ٢٠١٧ و پاش ٥-٦ ساڵ نەماوە و زیاد کردنی دەوری ٢٥ هەزار وشە لەو ساڵانەدا هی نەزان و بێرتۆلینۆ یە . مەزەندی هەژماری وشە لە فەرهەنگ و زمانی فەرانسەیی دا ٢٧٠،٠٠٠ ە . بەم پێ و دانە فرهەنگەکەی نەزان دەوری ٢٠٠،٠٠٠ وشە کورت ئەهێنی و ئەبی ٤٠ ساڵی دیکە چاوەڕێ بین ( گۆر پێوانەی ٥ ساڵی رابردوو ) داکو تێکڕای فەرهەنگی فەرانسەیی وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی .

دیاریکردنی ژمارەی وشە لە هەر فەرهەنگێک دا کارێکی پچەک ئەستەمە جە ئالیێ هونەریی یەوە بەوەی کە وشەی نەزان ئەڕای نموونە بە واتا و کارکرد و بنەچە و ژێدەری جیاوازەوە چۆن و چەند جار تێتە هەژمار . نەزان هەم ناوە و هەم ژی ئاوەل ناوە و دەکرێ نەزانین و لەمیشەوە زانا و زانین و زۆرزان و کەم زان هتد پێوە زیاد بکرێتن و ئیدی ئەمێنێتەوە سەر پێوانە لۆ هاژمار کردنی لە دوو توێی فەرهەنگ دا . لەم سونگەوە پرسیاری ژمارە و قەبەی وشە لە هەر فەرهەنگێگ دا پرسیارێکی نەگونجاو و بێ واتایە .

گرینگی ئەم مژارە لێگرە ژی لەوە دایە کە فەرهەنگەکەی میر کامەران مۆرکی مێژوویی و ئاستی زانیاری و زانستی میری پێوەیە و رەنگدانەوەی سەردەمێکی مێژوویی لە وێژە و بێژە و پەیڤی کوردی جە سەردەمەکەی خۆیەتی و کەس بۆی نیە بە هیچ کلونجێک دەسکاری بکاتن . گومان لەوەدا نیە کە فەرهەنگەکەی میرکامەران لۆ ڕۆژگاری ئیمڕۆمان کەڵکی تەواوی بەکار هێنانی وەک پێداویستی سەردەمی ئێستا نیە و ئەوەی کە نرخ و بایەخی ئەو فەرهەنگە دەر ئەخاتن باری مێژوویی یەکەیەتی کە ئەشی وەک کەرەسەی مێژوویی بکەوێتە بەر شرۆڤە کرن و ڤەکۆلین جە ئالیێ نفشین نوو ئا کوردان . ئەو فەرهەنگەی کامەران بەدرخان هاوتەریب و هاوشان وەگەرد ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری هاوار و ستێر و ڕۆژا نوو و هتد خەزێنە و سامانی وشە و پەیڤی کوردیە و گەر کەسەک بخازێ لە ڕەوتی گەشەی پەیڤ و وشەی کوردی و ئاڵ گۆڕیان بکۆڵێتەوە ئەوا ئەوان سامانێن گران بوها دەبنە چاوگە و ژێدەر ئەڕایان . وەک چۆن هیچ کەس بۆی نیە دەسکاری بەرهەمی مەلای جەزیری و خانی و خانا بکاتن ، هانا ژی کەس بۆی نیە هیچ شوینەوار و سامانی فەرهەنگی و زمانەوانی کۆنمان دەسکاری بکات ، سامان و کەلەپووری فەرهەنگی کوردی بابەتی نۆژەن کردنەوە نین چونکی ئەو بابەتە نۆژەن کردنەوە کە کەندال کردوویەتی مێژوو و رەوتی مێژوویی گەشەی فەرهەنگی کوردی کوێر ئەکاتەوە ، هەر چەند کە بابەتی نوێ بۆی هەیە وەڵام پێداویستی ژیانی نوێ باشتر بداتەوە گەر بە ڕێک و پێکی بێتە چێ کرن و ئافراندن . مرۆڤی سەردەم دکارێ داهێنان بکات و پشت بە مێژینە و مێژوو ببەستێ، لێ تەڤ هەڤ کرنا بەرهەمی کۆن و نوێ وەک ئەم فەرهەنگەی کەندال ، کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە کە لە مرۆڤی زانا و خودان بەهرە ناوەشێتەوە .

جە کۆن دە وەناو زانایان و بوزرگان کوردستان ( پەیڤی خانا ) وا باو بوو کە لە نووسینەوەی بەرهەمی کۆن ، ڕوونووسکەرەکە دەقەکەی ئەپاراست و هەر تێبینی و سرنجێکی خۆی هەبا دە پەراویزی کارەکەی دە جێگەی ئەکردەوە و بەمەیچ بەرهەمەکە دەولەمەند تەرتەر ( دیسان پەیڤی مێژوویی و شیرینی خانا ) ئەبوو . هونەری پەراوێز نووسین بەشێک بووگە جە ئاکاری زانایانی کۆنمان . گەر ئەم هونەرش نەبا ئەوە ئیتر ئیرۆ ئێمە سامانی مێژوویی و کۆنمان نەدەما و تێکڕایان دەبوونە چتێک وەکی فەرهەنگەکەی کەندال نەزان ، هەڵگری ناوی کۆن و نوێ و بۆش و بەتاڵ لە واتا و ناوەرۆکی مێژوویی .

فەرهەنگ نووسین و چێ کرن ، کار و فرمانی تاکە کەس نیە ، نەمازە ژ سەردەمی ئێستادا و کورد ئەشی هاوتەریب وەگەرد گشت خەڵک ونەتەوەیەل سەردەم ، دەزگا و دامەزراوەی تایبەت لۆ ئەو مەبەستە پێکەوە بنێ . ئەشی هەمیان ئەو ڕاستیە دەبەرچاوان بگرن کو کورد پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشوور پێی نیاگەسە قوناخی بەرەو سەربەخۆ بوون و چوون و پێویستی بەوە هەس کە تێکڕای کار وباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و چاندی و زمانەوانی گۆر پیدڤی ێن سەردەمەکە ڕێک بخات . فەرهەنگ نووسین ژی کە پێداویستی ژیانی سەردمیانەی ئیرۆژیمانە ، لەم یاسا و ڕێسا و فرمانە بەدەر نیە .

لۆ ڕاست کردنەوەی ئەوان بێ بەختی و چەوتی و چەواشەکاری کە بە سەر فەرهەنگەکەی میر کامەران بەدرخان هاتووە ، ڕێکاری یاسایی و دادپەروەری هەس کە بگیرێتە بەر . کەس ئانکو دزگای خاوەن کەسایەتی یاسایی و دادپەروەریی ئەشی وەک خاوەنی یاسایی دۆزەکە سکاڵای یاسایی لە سەر کەنداڵ نەزان و

ئەنیستیتۆی کورد تۆمار بکەن و مافی ڕەوای خاوەنداریەتی بەرهەمەکە ئەڕای خاوەنە ڕاستەقینەکەی بگەڕێننەوە و بوار نەدەن کە ئەو مافە بە هیچ شێوە و شێوازێک لە میر کامەران بەدرخان بەری بکرێتن . لەل ئەمە ژی دەقی دەسکاری نەکراوی فەرهەنگەکەی میر کامەران وەک خۆی بپارێزرێ لۆ نەوە و جیلی ئستا و داهاتوومان . کامەران بەدرخان کەسایەتیێکی وەها گاورە بوو کە مستەفا بارزانی لە هەڕەتی دەسەڵاتی دا ئامادە بوو وەک ڕێز لێنان ، هەگبەی دەستی بۆ هەڵگرێ ، ئیدی خوا هەڵ ناگرێ ناو و دەنگی ئەو مرۆڤە بەرز و هەڵکەوتووەی کورد بە هج شێوەیەک کوێر بکرێتەوە . بەدرخانیان سامانێکی گاورە و گران و دەولەمەند و سنگینیان لە وێژە و پەیڤ و زمانی کوردی ئەڕامان جێ هێشتنە کە مایەی شاهنازی تێکڕای مەردم کوردستانە . ئەرکی نەتەوەیی و مرۆیی و مێژوویی بێ ئەملا و ئەولای گشت لایەنێکە خڕ ، بە تاک و کۆر و کۆمەڵ و دەزگا و سازی و رێکخراوەی هەمە جۆر و بابەت کە ئەو سامانە بە نرخە ، کوردەکەو ماچۆ ، وەک گلێنەی چاو بپارێزن .



**کامەران بەدرخان و ناتالیای خێزانی و سینەمخانی برازای و بارزانی لە کۆنگرەی ٨ی پارتی دێمۆکرات**

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

۲۰۱۷/۵/۲۳